

# مێژووی خەڵاتەکانی ئۆسکار

خەڵاتی ئۆسکار ساڵانە وەکو نەریتێکی سینەمایی لەلایەن ئەکادیمیای زانست و هونەر و وێنە جووڵاوەکانەوە “Academy of Motion Picture Arts and Sciences” پێشکەش دەکرێت. ئەم ئەکادیمیایە خۆی لە ١١ی مانگی مەی ساڵی ١٩٢٧دا دامەزراوە. ساڵانە لە مانگی شوبات خەڵاتەکانی خۆی دەبەخشێت، بەڵام ئەم ساڵ بە هۆی سازدانی ئۆلۆمپیاتی زستانەی سۆتشی لە مانگی شوباتەوە بۆ سەرەتای مانگی ئادار دواخرا. خەڵاتەکانی سەرباری باشترین فیلم و ئەکتەری کوڕ و کچ و باشترین دەرهێنەر و وێنەگرتن و مۆنتاژ و مۆسیقا و دەنگ و کاریگەری سینەمایی و سیناریۆ و ماکیاژ و چەند بواری دیکەیش دەگرێتەوە، کە کۆی بوارەکانی ٢٥ بوارە.

**شێوە و قەبارەی خەڵاتەکە**

خەڵاتی ”ئۆسکار“، بریتییە لە پەیکەری سوارچاکێك کە شمشێرێکی بەدەستەوەیە و لەسەر شریتێکی سینەمایی وەستاوە. درێژییەکەی ٣٤ سانتیمەترە و کێشەکەی ٣,٨٥ کیلۆ گرامە، لە ئەلەمنیۆم و مس دروستکراوە و بەزێڕ ڕووپۆشکراوە.

**لیژنەی ناوبژیوانان و مەرجەکانی رکابەرێتی و پاڵاوتن**

لە مانگی کانوونی دووەمی هەموو ساڵێکدا ناوی فیلم و ئەکتەرە پاڵێوراوەکانی وەدەستهێنانی ئۆسکاری ساڵ لەلایەن ئەکادیمیای زانست و هونەر و وێنەی جووڵاو ئاشکرا دەکرێن، پاشان ٦٠٠٠ پسپۆڕ و شارەزا کە ١٣١١ کەسیان ئەکتەری بواری سینەمان شارەزاییەکی تەواویان لە بواری سینەمادا هەیە هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکەن، یەکێك لە مەرجەکانی بوون بە ئەندام لە لیژنەی ناوبژیوانی ئەوەیە نابێت ئەو ئەکتەرە یەکێك بێت لە پاڵێوراوان بۆ بەدەستهێنانی خەڵاتەکە لە هەر بوارێك تەنانەت نابێ لە یەکێك لە فیلمە پاڵێوراوەکانیشدا بەشدار بووبێت، ئەمەش بۆ زیاتر پاراستنی بێلایەنی و راستگۆیی لە دابەشکردنی خەڵاتەکان نابێت خۆیان لە ڕیزی ناودێرەکاندا بن.

بۆ ئەوەی فیلمێك پاڵێوراو بێت بۆ ئۆسکار پێویستە لە هۆڵەکانی سینەمای کالیفۆرنیا نمایش کرا بێت لە ١ی جانیوەری تاکو ٣١ی دیسێمبەر واتە لە ماوەی ساڵی پێشتر، هەروەها نابێ ماوەی فیلمەکە لە ٤٠ خولەك کەمتر بێت بۆ ئەوەی رکابەرێتی لەسەر خەڵاتی باشترین فیلمی درێژ بکات، ئەگەر کەمتر بێت بە کورتە فیلم دادەنرێت، جگە لەوە پێویستە قەبارەی فیلمەکە یان ٣٥ ملیمەتر یان ٧٠ ملیمەتر بێت.

**پاڵێوراوەکانی ئەم ساڵ کێ بوون؟**

ئەم ساڵیش وەك هەموو ساڵەکان ژمارەیەك فیلم و ئەکتەر پاڵێوراو بوون بە بەدەستهێنانی خەڵاتی ئۆسکار وەك باشترینەکانی هۆلیود، پاڵێوراوەکان لە ٢٠١٤/١/١٦ لە هۆڵی شانۆی سامویل گولدین لە بیڤرلی هیلز لەلایەن شیریل بۆن ئیزاکی سەرۆکی ئەکادیمیا و کریس هیمسۆورس راگەیەنران و ئەم ساڵ بۆ یەکەم جار ئۆسکار خەڵاتی رێزلێنانی بەخشی بەو کەسانەی، کە لە بواری تەکنیکی فیلمەکاندا کاریان کردووە، فیلمە پاڵێوراوەکانیش ئەمانە بوون:

- «تێکۆشانی ئەمریکییەکان» باس لە کۆمەڵێك قۆڵبڕ لە حەفتاکانی سەدەی رابردوو دەکات و بۆ وەرگرتنی ١٢ خەڵاتی ئۆسکار پاڵێوراوە.
- فیلمی هێزی کێشکردن (GRAVITY) کە فیلمێکی خەیاڵی زانستییە و رووداوەکانی لە بۆشایی ئاسمانن ئەویش پاڵێوراوە بۆ ١٢ خەڵات.
- فیلمی ١٢ ساڵ لە بەندایەتی بۆ وەرگرتنی ٩ خەڵات پاڵێوراو بوو.
- Captain Phillips باس لە چەند چەتەیەکی دەریای سۆمالی کە ئەفسەرێکی دەریاوانی ئەمریکی دەستگیر دەکەن.

**باشترین دەرهێنەر**

- ئەلفۆنسۆ کوارون لە فیلمی Gravity
- ستیڤ ماکوین لە فیلمی — ١٢ Years a Slave
- ئەلیکسەندەر باین لە فیلمی — Nebraska
- دیڤید ئۆ راسیل لە فیلمی — American Hustle
- مارتن سکورسیزی لە فیلمی The Wolf of Wall Street

**باشترین ئەکتەری پیاو**

- کریستیان بیل لە فیلمی — American Hustle
- برۆس دێرن لە فیلمی — Nebraska
- لیۆناردۆ دیکاپریو لە فیلمی — The Wolf of Wall Street
- شیواتال ئیگیوفۆر لە فیلمی — ١٢ Years a Slave
- ماسیۆ ماکۆنهی لە فیلمی Dallas Buyers Club

**باشترین ئەکتەری ئافرەت**

- ئیمی ئادەمز لە فیلمی — American Hustle
- کیت پلانشێت لە فیلمی Blue Jasmine
- ساندرا پۆلۆك لە فیلمی — Gravity
- جۆدی دینش لە فیلمی — Philomena
- میریل ستریپ لە فیلمی August: Osage County

**باشترین فیلمی ئەنیمەیشن**

The Croods

Despicable Me ٢

Ernest & Celestine

Frozen

The Wind Rises

بۆ یەکەم جاریش لەوەتەی دروستبوونی خەڵاتی ئۆسکارەوە سینەمای عەرەبی بە سێ فیلمی جۆراوجۆر لە کۆتایی لیستی پاڵێوراوانە و چاوەڕێش دەکات بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیدا ئەم خەڵاتە بەرزە بەدەست بهێنێت و فیلمە عەرەبییەکانیش یەکێکیان بۆ باشترین فیلمی بیانی و ئەوانی دیکەش بۆ باشترین فیلمی دۆکیومێنتاری ماوە کورت و درێژ پاڵێوراون.

**براوەکانی ٨٦ مین خەڵاتی ئۆسکار**

باشترین فیلم ( دوازدە ساڵ لە کۆیلایەتی ) ١٢Years a Slave

باشترین ئەکتەری سەرەکی پیاو : ماسیۆ ماکۆنهی لە فیلمی Dallas Buyers Club

باشترین ئەکتەری ئافرەت سەرەکی: کیت پلانشێت لە فیلمی Blue Jasmine

باشترین ئەکتەری پیاو یاریدەدەر: جارید لیتۆ لە فیلمی Dallas Buyers Club

باشترین ئەکتەری ئافرەت یاریدەدەر: لۆپیتا نیۆنجۆ لە فیلمی ١٢Years a Slave

باشترین فیلمی ئەنیمەیشن : Frozen

باشترین کورتە فیلمی کارتۆنی : Mr Hublot

باشترین جلوبەرگ : فیلمی The Great Gatsby

باشترین مۆنتاژ: فیلمی Gravity

باشترین کارتێکەرەکان : فیلمی Gravity

باشترین مۆنتاژی دەنگ: فیلم Gravity

باشترین وێنەگرتنی سینەمایی: فیلمی Gravity

باشترین تێکەڵکردنی دەنگی : فیلمی Gravity

باشترین کورتە فیلم Helium

باشترین فیلمی دیکیومێنتی: ٢٠ Feet from Stardom

باشترین کورتە فیلمی: The Lady in Number ٦: Music Saved My Life

باشترین فیلمی بیانی : فیلمی ئیتاڵی The Great Beauty

باشترین کورتە فیلمی کارتۆنی: Mr Hublot

باشترین مکیاژ و قژ : فیلمی Dallas Buyers Club

باشترین مۆنتاژ : فیلمی The Great Gatsby

باشترین مۆسیقا: فیلمی Gravity

باشترین گۆرانی: فیلمی Frozen

باشترین سیناریۆی بنەرەتی: فیلمی Her

باشترین سیناریۆی وەرگیراو: فیلمی ١٢years a slave

باشترین دەرهێنەر: ئەلفۆنسۆ کوارون لە فیلمی Gravity



## میلاهات میرال ئۆنال:

# پێویستە لە کۆلێژەکان گرنگیی زیاتر بە ئۆپیرا و مۆسیقای کلاسیکی بدرێت

یەکێك لە چالاکییە هونەرییە جوانەکان کە لەچوارچێوەی چالاکییەکانی لیژنەی باڵای هەولێر پایتەختی گەشتیاریی عەرەبی٢٠١٤ پێشکەش کرا بریتی بوو لە نمایشێکی گۆرانی و میوزیك ئۆرکسترالی لەلایەن تیپی سەمفۆنیای نیشتیمانی عێراق و ئۆرکێسترای کوردستان تێیدا چەند پارچە میوزیکێکی جیهانی و کەلەپوری و فۆلکلۆری کوردی بەشێوەیەکی جوان وسەرنجڕاکێش تێکەڵ کران، میلاهات میرال کە کچە گۆرانیبێژێکی باکووری کوردستانە چەند گۆرانییەکی بەشێوەیەکی جوان پێشکەش کرد کە مایەی ڕەزامەندی ئامادەبووان بوو، بۆیە بە پێویستمان زانی لە نزیکەوە ئەم گفتوگۆیەی لەگەڵ ئەنجام بدەین.

سەرەتا میلاهات ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە خەڵکی باکووری کوردستانە، لە ئیستەنبول لەدایکبووە و لە فەرەنسا گەورە بووە و قۆناغەکانی خوێندنیشی لە پاریس تەواو کردووە بۆیە تا ڕادەیەك قسەکردنیشی بە زمانی کوردی ئاسان نەبوو و وتی: ساڵی ٢٠١٢ هاتمە کوردستان کە هاتم نەمدەزانی بە کوردیش بە باشی قسە بکەم، چونکە بەم دواییە خۆم فێرە کوردی کرد، ئێستا مامۆستای دەنگم لە زانکۆی سەلاحەدین، پێشتر بەشی دەنگ نەبوو ماوەی دوو ساڵە ئەم بەشە کراوەتەوە و ئێستا قوتابیشمان هەیە لەو بەشە.

میلاهات هەروەها دەڵێ: دوای ئەوەی زانکۆم تەواو کرد لە فەرەنسا لە بواری ئۆپیرا کاری زۆرم کرد، بەڵام ئەمە یەکەم جارە لەگەڵ سیمفۆنیای هەولێر کار بکەم و هیوادارم بە دڵی ئامادەبووان بێت.

ئەم کچەی باکووری کوردستان بە پێویستی دەزانێت گرنگییەکی زۆر بەم بەشەی موزیك بدرێت بۆ ئەوەی پێش بکەوێت، چونکە لە کوردستان هەواداری ئەم هونەرە هەیە و دەڵێ: پێویستە لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هونەرە جوانەکانی گرنگییەکی زۆر بەم بەشە بدرێت، مامۆستای بە توانای بۆ دابین بکرێت، بۆ ئەوەی قوتابییەکانیش بە باشترین شێوە پێبگەن و سوودی تەواویان لێ وەربگرن.

میلاهات کە خەڵکی باکوورە و هاوسەرەکەی دکتۆر بارزان یاسین، دەربارەی هاتن و نیشتەجێ بوونی لە کوردستان و قوتابییەکانی لە زانکۆی سەلاحەدین دەڵێ: من ژیانم لە نێوان فەرەنسا و ئیستنەبول بەسەر بردووە، ئێستا مایەی شانازی و خۆشحاڵییە کە دەبینیم ئەم پارچەیەی کوردستان ئازادە جیا لە پارچەکانی لە تورکیا و سوریا و ئێران، هەستێکی زۆر خۆشە کە وەك کوردێك لەژێر ئاڵای کوردستان بە ئازادی دەژیم، بەر لە دوو ساڵ ئەو بەشەی من وانەی تێدا دەڵێمەوە کرایەوە، ئێستا قوتابی نوێ هەیە و لە قۆناغی چواریش نزیکەی ١٥ قوتابی هەیە لە هەردوو ڕەگەز واتە نیوەیا کچن و نیوەکەی دیکەش کوڕن و ئەم ساڵ لە بەشی دەنگ دەبن بە هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس، ژمارەیەك لەو قوتابیانە بەشێوەیەکی پراکتیك کاریان کردووە، لەوانە هەندێکیان ئاستیان زۆر بەرزە و هەندێکی دیکەشیان نۆرماڵن، ئەگەرچی گۆرانی و مۆسیقای ئۆپیرالی و کلاسیکی موسیقایەکی ڕۆژئاواییە لە بنەڕەتدا، ئێمە لەگەڵ قوتابییەکان مەشق لەسەر گۆرانی دەکەین بە زمانەکانی ئیتاڵی و فەرەنسی و ئینگلیزی، چونکە بە هەموو زمانەکان هەیە و دەکرێ تەنانەت دەتوانین بە زمانی کوردیش ئەم گۆرانیانە پێشکەش بکەین.

دەربارەی هەستی خۆی کە بۆ یەکەم جار بە زمانی کوردی بەشێوەی ئۆپیرا گۆرانی وت و جەماوەری ئەم هونەرەی هێنایە جۆش و خرۆش دەڵێ: بێگومان هەستێکی خۆش بوو بۆمن کە لەبەردەم جەماوەری کوردی گۆرانی بڵێم، ڕاستە ئەم هونەرە تا ڕادەیەکی زۆر نوێیە، بەڵام ئەگەر خەڵك بیەوێ لەڕووی گۆرانی و مۆسیقاوە پێشکەوێت لە بواری مۆسیقای کلاسیکی، پێویستە بەر لە هەر شتێك گرنگی بە کۆلێژو پەیمانگاکان بدەن و هەوڵ بدەن قوتابی بەشێوەیەکی زانستی شارەزای ئەم هونەرە جیهانییە بێت، هەروەها پێویستە مامۆستاکانیش خۆیان زیاتر ماندوو بکەن لەگەڵ قوتابیان، جێگای خۆشحاڵییە کە قوتابییەکان سوودیان لە خوێندن وەرگرتووە و خەریکە فێری ئیپێرتواری جیهانی دەبن و مۆسیقی کلاسیك و ئیپیرای فەرەنسی و ئیتاڵی، لێرەدا دەمەوێ ئاماژە بەوە بکەم کە لە کۆلێژەکەمان پێویستمان بە شتی زۆر هەیە بۆ ئەوەی بتوانین بە باشی کاری خۆمان ئەنجام بدەین و قوتابییەکانیش سوودی زیاتر لە خوێندنەکەیان ببینن،بەڵام هەر دەستپێکردن خۆی لە خۆیدا دەستکەوتێکە و هیوادارین لە دواڕۆدا بتوانین کاری جوانتر بکەین و وەك پێویست ئاوڕ لە کۆلێژەکەمان بدرێتەوە.





# بۆ ئاهەنگەکانی ئادارو نەورۆز، مێریام فارس دێتە هەولێر

لە درێژەی چالاکییەکانی هەولێر پایتەختی گەشـــتیاری عەرەبـــی ٢٠١٤، بڕیار وایە لە ســـەرەتای مانگی ئادار فیستیڤاڵی (ئازادی و نەورۆز) ساز بکرێت.

ســـەرچاوەیەك لە لیژنەی بـــاڵای هەولێر پایتەختی گەشـــتیاری رایگەیاند مێریام فارس خانمە هونەرمەندی لوبنانی یەکێکە لەو هونەرمەندانەی بەم بۆنەیەوە ســـەردانی هەولێـــر دەکات و ئاهەنگێکی گۆرانی ســـاز دەکات، جگە لەو ژمارەیەکی دیکەی هونەرمەندانی کورد و عەرەب و تورك بەشداری لەم فیستیڤاڵەدا دەکەن.

شـــایەنی وتنە ساڵانە لە شـــاری هەولێر بەبۆنەی رزگار کردنی شاری هەولێر لە راپەڕینە پیرۆزەکەی گەلی کورد، پارێزگای هەولێر فیستیڤاڵێکی هونەری و کەلتووری لە شـــاری هەولێر ساز دەکات، ئەم ساڵیش بەشێوەیەکی جیاوازتر و بەرفراوانتر ئەم فیستیڤاڵە ساز دەکرێت بە بەشداریی گرووپی هونەری جیاجیا لە چەندین وڵات.

# کچانی تەمبوورژەن کرماشان دەهێننە جۆش و خرۆش

گرووپی (تەمبوورژەنانی کرماشان) لە هۆڵی ئینتزاری شاری کرماشان کۆنسێرتێکی گۆرانی و موزیکی رەسەنی تەمبوورژەنیان پێشکەش کرد.

دوو ئەندامی گرووپی هونەریی 'دایراك خاتوون' و 'شاخۆشین' کە دوو گرووپی ناسراوی موزیکی یارسانن لەگەڵ گرووپی تەمبوورژەنانی کرماشان گۆرانییان چڕی.

لەو گرووپەدا ژمارەیەك کچی کورد بە شێوەیەکی مۆدێرن و پرۆفیشناڵ گۆرانی دەچڕن و ئامێری تەمبوور بەکار دێنن. پێشوازییەکی بەرفراوان لە لایەن هاووڵاتیانی کرماشان لەو کۆنسێرتە کرا و گشت گۆرانییەکانیان لەلایەن عەلی ئەکبەر مورادییەوە ئامادە کراوە.

گرووپی تەمبوورژەنانی کرماشان لە هونەرمەندانی یارسان پێکهاتووە و پارچە میوزیکی رەسەنی کوردی بە ئامێری تەمبوور کە ئامێری پیرۆزی کوردە یارسانەکانە پێشکەش دەکەن، ئەم گرووپە لە چەندین هونەرمەندی پیاو و ئافرەتی یارسان پێکهاتووە کە ژمارەیان ١٦ هونەرمەندە ٩ کچ و ٧ کوڕ وهەر هەموویان جگە لە ژەنینی ئامێرە موزیکییەکان گۆرانیش دەڵێن و تا ئێستا چەندین ئاهەنگی گۆرانی و موزیکیان لە شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان ساز کردووە.



# بەبێ ئۆسکاریش ٧٠ ملیۆن دۆلاری دەستکەوت

ئەگەرچی خانمە ئەکتەری ئەمریکایی ساندرا خەڵاتی ئۆسکاریشی بەدەست نەهێنا، بەڵام زۆر باکی نییە و دڵی خۆی بەو کرێیە دایەوە کە لە بری بەشداری کردنی لە فیلمێك دەستی هێناوە، هەرچەندە بە دەستهێنانی خەڵاتی ئۆسکار جگە لەلایەنە ماددییەکەی لە رووی مەعنەویشەوە بۆ ئەکتەر گرنگە و ناوی دەچێتە مێژوو وەك یەکێك لە براوەکانی خەڵاتی ئۆسکار.

ئەم ساڵ فیلمی(GRAVITY) یەکێك بوو لەو فیلمانەی کە داهاتێکی زۆری لە ئەمریکا و سەرتاسەری جیهان کۆکردەوە و ساندرا پۆلۆك و جۆرج کلۆنی پاڵەوانی سەرەکی فیلمەکە بوون، بەپێی هەواڵێکی ماڵپەری (HOLLYWOOD REPORTER) ساندرا بڕی ٧٠ ملیۆن دۆلاری وەرگرتووە لە بەرامبەر بەشداری کردنی لەو فلیمەدا، چونکە بڕی ١٥٪ داهاتی فیلمەکەی وەرگرتووە بەپێی ئەو رێکەوتنەی کە لەگەڵ کۆمپانیای بەرهەمهێنەری فیلمەکە هەیبوو، چونکە دوای بەدەستهێنانی خەڵاتی ئۆسکاری ساڵی ٢٠١٠ لە فیلمی (The Blind Side) ئەو گرێبەستەی لەگەڵ کۆمپانیاکە ئیمزا کردبوو و کرێ و مەرجەکانی بەشداری کردنی خۆی بەرز کردبۆوە، جگە لە کرێی بەشداری کردنی لە فیلمەکە کە لە هەر فیلمێکدا بڕی ٢٠ ملیۆن وەردەگرێت. شایەنی باسە فیلمی (GRAVITY) بڕێ ٧٥٠ ملیۆن دۆلاری وەك داهات لە ئەمریکا کۆکردەوە بەمەش بووە یەکێك لە سەرکەوتووترین فیلمەکانی ساڵی ٢٠١٣، بۆیە پاڵێوراوێکی سەرەکی بوو بۆ بەدەستهێنانی خەڵاتی فیلمی پڕ داهات و باشترین فیلم، هەروەها ساندراش پاڵێوراوبوو بۆ بەدەستهێنانی خەڵاتی باشترین ئەکتەری ئافرەت، سەرەڕای ئەمەش رەخنەگرانی سینەما بە فیلمێکی زۆر سەرکەوتووی دانائێن و رەخنەی زۆریان لێی گرتووە.

